# پەیامی خەڵکانی هەولێر

*شارەوانی کەسنەزان بڕیاری دابوو ناوی کرێچیەکان تۆمار بکات و لە بێ خانوویی ڕزگاریان بکات، کەچی ناوی ئەو کەسانە نەنووسرا کە لە شوقەکاندا دەژین و کرێچیشن، ئەمە لەکاتێکدا ناوی هەندێک کەس نووسراوە کە خانووی خۆیان هەیەو دەستڕۆیشن، زەویان وەرگرت و سوودمەند بوون!!

**فەرمان محەمەد**

*خاوەن مولیدەکانی شاری هەولێر نرخی ئەمپێری تەزووی کارەبایان لە حەوت هەزارەوە کرد بە هەشت هەزارو پێنج سەد دینار، ئەوان دەڵێن لەسەر فەرمانی قایمقامی هەولێر گرانمان کردووە.

**ئیبتسام**

*کێشەی ئاو لە کۆمەڵگەی کەسنەزان زۆرانی هەراسان کردووە، هەندێک لە بێ ئاویدا خەریکە بخنکێن! هەندێکی دیکە بەردەوام ئاویان دێ، هەندێکی دیکەش هەفتانە بیست هەزار دینار بە ئاو دەدەن، دەترسین ئاویش وەکو کارەبا لێبکەن و بیری ئەهلی لێبدرێ و بەسەر ماڵاندا دابەشی بکات !!

**پەیمان**

*هەندێ شۆفێری تاکسی لە هەولێر بە ئارەزووی خۆیان نرخ بەرز و نزم دەکەنەوە، ئەگەر بەیانیان سێ هەزار وەربگرن، زۆر لایان ئاساییە ئێواران پێنج هەزارو شەوانەش شەش هەزار وەربگرن، باشە کەس نیە ڕێنوێنیان بکات و نرخی کرێی گواستنەوە دیاری بکات !!

**سەناریا عەلی**

# ترس لە ژیانی ئەوانەی دەستدرێژیان دەکرێتەسەر

کامەران عەلی

ڕێژەی دەستدرێژیکردنە سەر ژنـــان و منـــداڵان لـــەنێـــو کۆمەڵگەکاندا وەکو یەک نین، بەڵام لـەنێو هـەمووانـدا بوونی هـەیەو مـەترسیـەکانیـان بـەرچاون. ژنـانی کۆمـەڵـگـەی ڕۆژهـەڵات تـرس لـە درکانـدنی ئـەو تاوانـە دەکـەن کـە دەرهـەق بـەوان ئـەنجـام دراوە، یـاخود کـەسـانی نزیکـی خۆیـان ڕێگـەیـان لێـدەگـرن و نـاهێڵین تاوانـەکـە ئاشکـرا بکـەن ، چونکـە پێیانوایـە لـە داهـاتوودا پێیـەوە گرفتـار دەبـن و ژیانیـان لـێ تـاڵ دەکات. هـەندێک لـەو کچانـەی کـە دەستدرێژیان دەکرێتە سەر یان تا مـاون شـوو ناکـەن یـان بـە ناچارییـەوە شـوو بـەو کـەسـە دەکـەن کـە تـاوانی لێکـردوون یـا پەنا بۆ ڕێگـەیـەکی دیکە دەبات تا ژیـانی هاوسـەرێتـی پێکبهێنـێ، هەندێک لەوان بەردەوام لـە ترسی ئاشـــکرابوون دەتلێنـــەوە، وەک دەڵـێن لـــە سـێبەری خۆیشـی بـەگومـان و بـەدبین دەبێ، کـەچی ژنانی ئـەوروپاو ئـەمریکا ترسیان لە ئاشکراکردنی نیەو زۆر بێباکانـە ئەو تاوانـە بۆ پۆلیس و لێکۆڵـەران و پـــەیجۆیـــان دەگێڕنـــەوە کـــە بـەرانبـەر بـەوان ئـەنجـام دراوە و بێمنەتانەش شوو دەکـەن و ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن.

لـە هـەمـوو بارێکدا ترسـێکی شـاراوە لـەگـەڵ دەسـتدرێژیکردندا سـەر هـەڵـدەدا، ژنـانی کۆمـەڵـگـەی ڕۆژهــەڵات و موســڵمان وێــڕای ئـــەوەی تاوانیـــان لێـــدەکـــرێ و هـــەســـتیان بریـنـدار دەکــرێ، مۆتــەکــەی تــرس ڕۆدەچێتــە نــاو جەستە و هزریانـەوە، لـەوانـەیە تا مردن لە کۆڵیان نەبێتـەوە . کچان زۆرتـــر دووچـــاری خـــەمـــۆکی و بێـزاری دەبنـەوە، هـەنـدێکیان بـە ناچاریەوە پەنا بۆ مردن دەبـەن و مەرگ هەڵدەبژێرن، هـەندێکیان لـە دوای شـووکردنیش ترسـەکـەیـان نـاڕەوێتـەوە، خۆیـان بـە کۆیلـەو ستەملێکـراو دەزانـن و چێـژ لـە سـێکس و ژیـانی هاوسـەرێتـی وەرنـاگرن. هـەندێکی دیکە ڕقێکی ئـەسـتووری بـەرانبـەر هـەمـوو پیاوێک بۆ دروست دەبێ، تـەنانـەت ڕقـی لــە بــاوکی و برایــەکانیشــی دەبێتـــەوە، گومـــانی بـــاڵادەســـتی و زۆرداری و دڕنـدەیـی پیـاوانی لـە لا دروست دەبێ، بەوهۆیەشـەوە ژیانی لێتاڵ دەبێ و بە دوای تۆڵەکردنەوەدا دەگەڕێ و بۆشی هەڵناکەوێ، ئـەگـەر بۆشـی هـەڵبکـەوێ لـەترسـی گومـانی یـەکـەمـدا بـە زەحمـەت دەسـتی بۆ دەبات.

تـرس لـە ژیانی ئـەوانـەی کـە لـە تـــەمـــەنیانـــدا دەســـتدرێژیان کـــراوەتـــەســـەرو بـــە زۆر ســـێکسیان لێکراوە هێندە کاریگـەرو ترسناکە کە گـــەرای تـــرس بـــۆ نـــەوەکـــانی داهاتووشی دەگوازێتەوە. سـەبارەت بـەو کـەسـانە چیـڕۆک و ڕووداوی سـەیرو سـەمـەرە باس دەکـرێن، کـەچـی هیچیـان نـاتوانن ڕاسـتینی کارەساتەکە وەکو خۆی بگێڕنەوەو بینووسـنـەوە. ئـــەو کـــوڕ و کـــچ و ژنانـەی کـە دەسـتدرێژی سێکسیان کـراوەتـەسـەر، بە تایبـەتی ئـەوانـەی تـامیکراون و بـەزۆر پـەلکێشـی ئـەو کـەتنـە کـراون سـەرەنجـام بـەهـای مرۆڤبوونی خۆیان لـە دەست دەدەن و بێزیان لە خۆیان دەبێتەوە، بەڵام شارەزایان و دەروونناسان پێیانوایـە کە تاوانلێکراوەکە چ کوڕ بێ یان کچ شـەرم نـەکات و ڕاسـتی ڕووداوەکە وەکـو خـۆی بگێڕێتـەوە. ئـەوان پێیانوایـە شـاردنەوەی تاوانـەکە بەر لـەهـەمـوو شـتێک تـاوانێکی دیکـەو بەرانبەر خود ئەنجام دەدرێ، ئەگەر تـــاوانلێکراو ئازادانـــە تاوانـــەکـــە و ئازارەکانی خۆی بگێڕێتەوە لەوانـەیە ڕێگەی چارەسەرکردن ئاسان بێ و تـرس و گومـانیش لـە ژیـان و لـە دەورەبەر کەڵەکە نابێ و بە زوویی دەڕەوێتەوە.

لەهەموو کات و شوێنێک دا نابێ ئـــەو تاوانانـــە بشـــاردرێنەوە کـــە دەرهـەق بە منداڵان و ژنان ئەنجام دەدرێـــن، بـــە تایبـــەتـــی تـــاوانی دەسـتدرێژیکردنی سێکسـی، چونکـە داهاتووی ئەو کەسانە بەو ترسـەوە گـــرێ دەدرێ کـــە کاریگـــەری ڕاستەوخۆی لەسـەر ژیان و ڕەوت و بیرکردنەوە دروست دەکات.




# مەی خواردنەوەی ئافرەتان لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا

شاناز

جـاران ئـافرەتـانی کـورد وەک بــەنرختــرین دروســتکراوی خــودا تـــەماشـــا دەکـــران، گرانتـــرین ســـەرمایـــەی ژیـــان بـــوون، بـەوهۆیـەشـەوە ژنـان پارێزگاریـان لەجوانی و کەسایەتی خۆیان دەکرد. تانانـەت پیـاوانیش بـەمـەبـەسـتی پارێزگـاری کـردن لـەکـەسـایەتـی ئافرەت ئامادەبوون کە گیانی خۆیان بـەخت بکـەن، ئێسـتا ئـەو هـەسـتە بەرەو کاڵ بوونـەوە دەڕوات. بـەرە بـەرە ئـەو پارێزگـاری کردنـە کـەم دەبێتەوە، ئەوانەش لە پەنای بەناوی ئازادیەکانی ژنان و سەربەستیەوە هـەمـوو جوانییـەکانیـان دەشـێوێنن. ئێستا پیاوان بە ئەنقەست کەسایەتی ژنان بە لاواز دەردەخەن. هەرچەندە کە بەشێک لە ژنان خۆیان تاوانبارو بەرپرسن.

ئایا بۆ دەبێ ئافرەت بە نـاوی ئازادیـەوە خـۆی بکاتـە ڕیکلامـی خۆ دەرخستن یان خۆیان بکەنە کۆیلـەی دەستی پیاوانی هەڵپەرست؟! ئێسـتا بەشێک لە ژنان و کچانی کوردستان لە ژێر کاریگـەری فیلم و زنجیرەکان و گۆرانیـەکـانی عـەرەبـی و بیـانی، بەلاسایی کردنـەوەی ئەوروپییـەکان و کەناڵە عەرەبیەکان، هەرچـەندە بە جـــەســـتە و بـــە زمـــان و پێگـــە لەکوردستانن بەڵام بەجل و بەرگ و هـــەڵســـوکەوت و لاســـایی کردنـــەوە وادەزانـن لـەئـەوروپـان. یـەکـێ لـەو دیاردانـەیـە کـە لـە کوردسـتان زەق بۆتەوە، دیاردەی مەی خواردنـەوەی ئاشـــــکرای ژنانـــــە ، ئێســـــتا لـەسـەیرانگاکـان و پارکـەکانـدا زۆر بـەئازادانـە و لـەبـەرچـاوی خـەڵکـی دادەنیشن و مەی دەخۆنەوە، ئەوان پێیـــان وایـــە کـــە داهێنـــانێکی زۆر گـەورەیـان کـردووە،بـەڵام هـەنـدێک لـەوان کـاتێ مـەسـت دەبـن و دەچنـە دنیای خـەیاڵـەوە کـەسایـەتی خۆیان لـــەدەســـت دەدەن و یـــاخود دەبنـــە دەســـرۆکـەی دەســـتی کـــەســـانێکی بێبەندوبار، هەندێجار دەبنە فیلمێکی ســینەمــایی بــە ئاشــکرا پێشــان دەدرێ. ئاخۆ ئـەو پیاوانـەی لـەگـەڵ ئـەو ئـافرەتانـەدان، خواردنـەوەیـان پێـــدەدەن و مـــەســـتیان دەکـــەن چ جـۆرە مرۆڤێـک بـن!! چ یـاریزانێکی هێـرش بـــەرن! ئایـــا هـــەســـتی مرۆڤایـــەتیـــان چۆنـــە کـــە ئـــاوا بـەبـەرچـاوی خـەڵکـەوە جوانیـەکـانی ئافرەت دەشێوێنن؟!

دەربـارەی مـەی خواردنـەوەی ژنـان لـەسـەیرانگـاو پارکـەکـان دا پرسیارمان لە چەند بەڕێزێک کرد و پرسیمان :

هۆی چییە فێری مەی خواردنەوە بوویت، چی کاریگەری هەیە لەسەر تۆ تا پەنا بۆ مەی خواردنەوە ببەیت ؟!

سکار ئەحمەد دەڵێ: کاتێ لـەگـەڵ مێـردەکـەم دادەنیشـتم، ئـەو مـەی دەخـــواردەوە منـــیش مـــەزەم بـــۆ دروست دەکرد. هـەندێکجار لـەکاتی خواردنـەوەیدا حـەزی دەکـرد منیش لـەگـەڵیا بخۆمـەوەو بـەشـی منیشـی دەدا، ئێســتا مــەی خواردنــەوە زۆر ئاسایییە لام هەرکاتێ ئارەزوومان لێ بێت لەگەڵ مێردەکەم دەخۆینەوە.

ڕێـژین عـەبـاس: کـاتێ لـەزانکـۆ بـــووم لــــە داخلـــی هاورێکـــانم دەیـــانخواردەوە منـــیش فێربـــووم، ئێستا ناتوانم تەرکی بکەم، هـەرکاتێ بمـەوێ یـاخود دڵـم تـەنگبـێ لـەگـەڵ هاورێکانم دەخۆمەوە یاخود بەتـەنیا لەماڵەوە بەدزی خۆم مـەست دەکـەم دەچمە ئەوپەری خەیاڵەوە.

ڕوخســار عــەلــی: مــەی دەخــۆم بــەس زۆر بــەکــەمــی! ئــەویش بــۆ وەرگرتنی جەوی خۆم، هەروەها بۆ جـــوانکردنی ڕوخســـار ســـوودێکی زۆری هەیە.

سـۆز شـوان: کـاتێ دەچـین بـۆ سەیران، لەگەڵ خێزانەکەمان لـەگـەڵ دایـک و باوکمـدا کـارێکی ئاسـاییە ئـەگـەر پێکـێ مـەی بخـۆین چونکـە جەوەکـەمان خۆشتر دەبێت کاتێکی خۆشتر بەسەر دەبەین.

هەر بـەمـەبـەستی ڕای کـەسانی دیکـە بـەرامبـەر ئافرەتـی مـەشـروب خۆر ئەم بەڕێزانە بۆمان دوان

ڕێبـوار ئـەمین: هـەرگیز لـەگـەڵ مەی خواردنەوە نیم نـەخوازە ژنان مـەی بخۆنـەوە، بـەلامـەوە جوان نیـە کـاتێ لـەدەشـت و دەر ژن دەبینـم لـەگـەڵ خێزانـەکایانـدا دەخواتـەوە قێـزم لـەخۆشـم دێتـەوە، گاڵتـەم بـەو پیاوانە دێت کە لەگەڵ ئەو ژنانەدان

ئـەریـوان عوسـمان: ئاسـاییە ئەگەر ژنیش مەی بخواتـەوە ئافرەت سەربەستە، بارێگرنـەبین لـەبـەردەم ئـارەزووەکانیـان، دنیـا هـەر مردنـە ئافرەتیش مرۆڤە بالێیان گەرێین چی بەدڵی خۆیانە لەدنیادا بیکەن.

لەیلا کەریم: هـەرگیز بـەلامـەوە جوان نیە کە ئافرەت جگـەرە بکێشـێ و مـەی بخواتـەوە، بـەهـۆی ژنێکـەوە هەزاران ژن ناشرین و خراپ دەبن، خۆزگـە ژنـان جوانیـەکـانی خۆیـان دەپاراست

هێشوو جەمال: ئەو ئافرەتانەی مـــەی دەخۆنـــەوە ڕیکلامـــی لـــەش فرۆشی بۆ خۆیان دەکەن

ڕێبـین عومـەر: ئـەگـر لـەماڵی خۆیاندا لەگەڵ مێردەکانیان بخۆنـەوە ئاساییە بەڵام هەرگیز بەلامەوە باش نییـە کـەدەبینـم لـەدەرەوەی مـاڵ دەخۆنەوە.

لە کۆتاییدا هەقە بپرسین: بۆچی هـەنـدێک لـە ژنـانی کـورد نـاتوانن سـوود لـە ئازادیـەکـانی ژیـان وەربگرن و خۆیان دەکەنە کۆیلـەی ئازادی؟ ئازادی واتای یەکسانبوونی ژنـــان و پیـــاوان لـــە ئـــەرک و مافەکانیاندا بەرجەستە دەکات، بەڵام نـابێ ئـەو ئازادیـە بـە شـێوازێک دەکاربهێنرێ کە زیان بە کەسایەتی و بەهای مرۆڤەکان بگەیەنێ. هـەر شـتێ ئـەگـەر بـەهـای مرۆڤایـەتـی لەکەدار کرد لە ئازادی دەشۆرێ و واتای بێبەندوباری دەگەیەنێ. ژیان یاسـاو ڕێسـای تایبـەت بـە خـۆی هـەیـە، بـەڵام بـەداخـەوە ئێسـتا سەرمایەدارانی جیهان بە تایبەتیش کۆمپانیـا گـەورەکـانی جیهـان بـۆ برەودان بە کاڵاکانیان ئافرەت وەکو ڕیکلام بەکاردەهێنن، یاخود هـەندێ ژن وادەزانـــن مـــەی خواردنـــەوە ڕوخســاریان جــوان دەکــات بۆیــە پەنای بۆ دەبەن.

زۆرێک لەوانەی کە قسـەیان بۆ کردین و نەیانویست ناویان بهێنرێ، دەیـــانگوت: بـــاچیتر بـــەنـــاوی ئازادییەوە بەهاجوانەکانی مرۆڤایەتی لەدەست نەدەین ، با هـەمیشـە کورد بوونی خۆمان کە ڕەوشت بەرزی و کـــردەوەی چاکـــەیـــە بســـەلمێنـــین. هەموو ئەوانەی کە مـەی دەخۆنـەوە، چ پیـاوبن چ ژن دەبـێ ئـەو ڕاستیە بزانن کە هـەرشتێ لـە ڕادەی خـۆی تێپـەڕی کـرد زیـان بـە جـەسـتەو ڕوخسار و بەهاکانی دەگەیەنێ .



## وێنەی ئەدوێ



سلێمانی... شۆستە بۆ هاوڵاتیانە، یان دوکاندار..؟

فۆتۆ: ئارام سدیق